www.kurdistannet.org
25-9-2007 23:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەفسانەی لەنجەولار ... ئەرکان حەسەن**

ئەمجارەیان ئەگەر هاتـــــیی
ئەو پەلکەزێرینەیە لەبەرپێتا رادەخەم
کە سپێدە تەماوییەکە
لە نسێی قومرییە تۆراوەکانـــــەوە
خۆی لە کوڵمەکانت خشاند،
وێنەی ئەو پەڵەهەورە دەگرم
لە هێمنییت رادەمێنێ..
بەخیلی بەو پاسارییە پیرانە دەبەم
سەرنجت دەدەن و
تۆوی ئەو جوانییە دەچیننەوە
لە بەژنت هەڵدەوەرێ..
دڵنیابە، ئەگەر هاتیـــــــــــــی
سەمای زولفت لە ئەفسانەی لەنجەولاردا
دەنوسمەوە،
مەکرت، بە بەهرەی خودایی و
کزەی نازت
بۆ هەڵەکانی سروشت دەگێڕمـــــەوە..
خانم، بۆچی گوزەر ناکەی؟
هەتا کەینێ؟
دووریت باوەشێن بکەم و
سەرمایەکی بێکوێستانبــــــــــــــــم..

Arkan-r@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.